# پێگەی بابەتی کۆمەڵگای مەدەنی لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگادا

- بەشی دووەم -

دارا مەحمود

## کۆمەڵگای مەدەنی مودێرن

لەناو ئەو بیرمەندانەی پاش مارکس چەمکی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنییان هەرە زێدە بەکار هێناوە، ئەنتۆنیۆ گرامشییە. هەرچەند گرامشی وەك مارکسیستێك ناسراوە، بەڵام دیدی ئەو دەربارەی کۆمەڵگای مەدەنی لە گەڵ مارکسدا جیاوازە. چونکە هەروەك گوتمان کۆمەڵگای مەدەنی لەبیری مارکسدا هەمان پەیوەندییە مادیی و ئابوورییەکانە کە بە پێی ئەو (واتا بەپێی پەیوەندییە ئابوورییەکان) سەرخانی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیا پەیدا دەبن.. بەڵام بەلای گرامشی و مارکسیستە فەلسەفیەکانەوە، کۆمەڵگای مەدەنی بەشێکە لەسەرخان. و بەواتایەکی تر، ڕۆڵی لایەنی سیاسی و فەرهەنگی لەپاڵ لایەنەکانی تر لەپەیدابوونی دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا یەکجار کاریگەرە. و تەنانەت لە هەندێك جێگادا پتر لە لایەنە ئابوورییەکان ڕۆڵیان هەیە. هەروا بەلای گرامشییەوە، کۆمەڵگای مەدەنی پێگەو گۆڕەپانی پەرەسەندنی فەرهەنگ و ئایدیۆلۆژیای سەرمایەدارییە. و دەوڵەتی سەرمایەداریی بە دامەزراندنی دامودەزگای جۆربەجۆری وەك قوتابخانە، کڵێسا... لە هەوڵی ئەوەدایە زاڵبوونی فکریی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت. و بەکورتی کۆمەڵگای مەدەنی ئەو بوارەیە کە لەوێدا ئەو دەزگا ئایدیۆلۆژییانەی لەبنەڕەتدا هەر بەشێکن لە دەوڵەت بەمەبەستی زاڵبوونی فکریی خۆیان کارو چالاکی دەنوێنن. وبەم جیاوازییەوە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنیدا کە ئەمەی دووەمیان شوێنی دیالۆگ و مەشروعیەت و وەبەرنانی ئارەزوویە. بەڵام دەوڵەت بریتییە لە زۆرداری و سەپاندنی دەسەڵات.

گرامشی دەڵێت: (کۆمەڵگای مەدەنی ئەو گۆڕەپانەیە کە دەوڵەت لەوێدا بەجۆرێك کاردەکات کە شێوازی نادیارو هەستپێنەکراوی دەسەڵات لەڕێگای سیستەمەکانی پەروەردەو فێرکردن، و فەرهەنگی و ئاینیی و هی ترەوە پەیڕەودەکرێت.) هەروا دەڵێت: (دەسەڵات لەسەرتاسەری کۆمەڵگادا بەشێوازێکی پەراکەندە بڵاودەبێتەوەو خەڵکی بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن پەیڕەوی فەرمانەکانی دەوڵەتی سەرمایەداریی دەکەن.)

یەکێکی تر لەو بیرمەندە هاوچەرخانەی لەم بوارانەدا بیروبۆچوونی گرنگ و جێگای سەرنجییان هەیە، فەیلەسوفی ئەڵمانی یورگن هابرماسە. هابرماس لەکاتێکدا وەك مارکس چەوساندنەوە بە لازیمەی سیستەمی سەرمایەداریی دەزانێ، لەهەمان کاتدا پێیوایە کە لە ژێر سێبەری هەمان سیستەمدا دەکرێ بواری ئازادیخوازانەش ببینرێتەوە.

هابرماسیش هەروەك گرامشی پێیوایە کە لەژێر سایەی سیستەمی سەرمایەداریی ئەمڕۆییدا، دەوڵەت بەردەوام دەست لە ژیانی ئابووریی وەردەدات و بەبێ ئەو دەستێوەردانە چالاکی ئابووریی پێش ناکەوێت. بۆیە قەڵەمڕەوی سیاسی (سەرخان)، قەڵەمڕەوی ئابووری (ژێرخان) دیاریی دەکات.

هەروا هابرماس، کۆمەڵگای مەدەنی وەك بواری گفتوگۆو دیالۆگ دەبینێت و لەم ڕووەشەوە لەهەمبەر مارکس دەوەستێت کە لە پێناو گۆڕینی سەرتاپای هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆییدا بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژیش لەتوانادا هەیە هەلومەرجگەلی باشتر بەدەست بێن.
دیسان پۆست مارکسیستەکان و لایەنگرانی چەپی نوێش، لەگەڵ ئەوەدا لایەنگری پەرەسەندن و بەرفرەبوونی کۆمەڵگای مەدەنین و پێیانوایە گۆڕەپانێکی لەبارە بۆ خەباتی هێمنانەو دوور لە توندو تیژی و دەکرێ گەلێك لە ئازادییەکان لەم ڕێگایەوە بەدەست بێن. بەڵام لەئاکامیشدا هەر لەسەر ئەو بڕوایەن کە سەرمایەداریی سیستەمێکی چەوسێنەرە.
بەڵام لیبرالە نوێیەکان بە جۆرێکی تر بۆ کۆمەڵگای مەدەنی دەڕوانن و لایەنگیری ئەوان بۆ کۆمەڵگای مەدەنی ، لایەنگیری و ستایشی خودی سیستەمی سەرمایەدارییش دەگرێتەوە. و ئەوان پێیانوایە دروستبوونی هێزە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانی سەربەخۆ لەدەوڵەت، بۆتە هۆی کاڵکردنەوەی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان و بچووککردنەوەی دەوڵەت. و ئازادییە جۆربەجۆرەکان بەرهەمی ئەم پرۆسە دیرۆکییەن. و بە بۆچوونی ئەوان، بەو مەرجەی مرۆڤەکان لەهەر دەسەڵاتێکی سیاسیی و فەرهەنگیی و ئابووریی، ئازاد بن، بەلەبەرچاوگرتنی کات و شوێنی تایبەت بەخۆیان، خۆبەخۆ ڕێگای باشتر پەیدا دەکەن. لەناو لایەنگرانی ئەم دیدەشدا فریدرێك هایك، و جی بی. مدیسۆن دەبینرێن.

## کۆمەڵگای مەدەنی و چەمکە پەیوەندارەکان.

دوان و گفتوگۆ لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی تۆکمە نابێت مەگەر ئەوەی دوان لەچەمکە پەیوەندارەکانیش ئەنجام بدرێت. یان لانیکەم گرنگترین ئەو چەمکانە و پەیوەندییان بە بابەتی کۆمەڵگای مەدەنییەوە دەستنیشان بکرێت. و یەك لەو چەمکە گرنگانەش پلورالیزمە.
پلورالیزم، خۆی لەخۆیدا بەواتای فرەیی و جۆراوجۆری سەرچاوەکانی دەسەڵات دێت و هەروا بوونی پلورالیزم بەواتای: سازش و ڕێکەوتنی دامودەزگاکانی بیروبۆچوون، نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان، چینەکان، و دەستەو تاقمە مەزهەبی و نەتەوەییەکان دێت...
دیارە بابەتی پلورالیزم وەك هەر بابەتێکی تری زانستی سیاسەت، ئاڵۆزو فرەواتاو چەند لایەنەیەو تەنیا بەناوهێنانی و تەرجەمەکردنی بۆ فرەیی، گشت واتاو ڕەهەندەکانیمان ناکەوێتە دەست. و لەکاتێکدا پلورالیزمی سیاسیی، فرەلایەنی سیاسیی و پارتەکان و ئەو هێزانە دەگرێتەوە کە ڕاستەو ڕاست مامەڵە لەگەڵ بڕیارە سیاسییەکاندا دەکەن. پلورالیزمی کۆمەڵایەتیی ئەو نێوەندو دامودەزگایانە دەگرێتەوە کە سەرگەرمی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگان. و پلورالیزمی ئابووریش هەمان بازاڕی ئازادە.
ڕیشەی پلورالیزم هێندە کۆن نییەو دەگەڕێتەوە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. و بابەتەکە لەو جێگایەوە دەست پێدەکات کە ئایا دەسەڵاتی سیاسیی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا شێوازێکی مەرکەزی هەبێت یان پەراکەندە..! کە ئەمڕۆ شێوازی دووەمیان، واتا پەراکەندە، هەرچی زۆرتر برەو پەیدا دەکات و لایەنگری زۆرتر دەبن.
پێشینەو دیرۆکی فرەدەسەڵاتی لە کۆمەڵناسیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیراسەو باسانەی لە ڕۆژئاوا بەتایبەتی سالانی 1950 لە ئەمەریکا ڕەواجیان هەبوو.

رۆبیرت دال، دەربارەی دیراسەکردنی کۆمەڵگای ئەمەریکا، ئەم پرسیارە دەکات کە لە ئەمەریکا کێ دەسەڵاتدارە..؟ و ئەو بەم ئەنجامە دەگات کە دەسەڵاتی سیاسی بەسەر گروپە جیاوازەکاندا پەراکەندە بووە. کە هەریەك لەو گروپانە خاوەن بەرژەوەندی و خواست و ئارەزووی جیاوازو دژی ئەوانی ترە. دیارە نابەرابەریی لەسەر ئاستی سامان و پێگەی کۆمەڵایەتیی و ئاستی خوێندەواریی ..بەرۆڵی خۆیان کاریگەرن و لە ئاکامدا هەر گروپەی لە چاو گروپەکانی تردا خاوەن ئیمتیازی زۆرترو باشتر بێت، ڕۆڵ و کاریگەریشی پتر دەبێت و گروپەکانی خاوەن سەرچاوەی دەسەڵات، بە شێوازی جۆراو جۆر، لە زەمینەی بڕیاردان و سیاسەتدا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا گوشار دەخەنە سەر حکومەت.

شیاوی گوتنە کە تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بە چاوێکی نیگەتیڤانەوە چەمکی پلورالیزم هەڵدەسەنگێنرا. ئەمەش بەتایبەتی لەلایەن مارکسیست و لایەنگرانی سۆسیالیزمەوە، کە ئەوکات لەبرەو دابوو. و بەواتایەکی تر یەکێك لەبەرهەمەکانی شەڕی ساردبوو. بەڵام دوای هەرەسی سیستەمی بەناو سوسیالیزم، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی پلورالیزم ڕەهەندێکی تری بەخۆیەوەگرت و ڕەواجی گەرمی پەیداکرد.

لە تیۆریی پلورالیزمدا بوونی سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵات وەك لازیمەی دیموکراسی کارێکی پۆزەتیڤەو لەهەمان کاتدا پێویستیشە.

بەبۆچوونی رۆبیرت دال، کۆمەڵگا بەهۆی بوونی چین و مەزهەب و نەژادو نەتەوەو بەرژەوەندی و خواستە جۆربەجۆرەکانییەوە درزی تێدەکەوێت و پارچە پارچەدەبێت. هەر پارچەیە بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆی پەیدابوونی گروپ و دەستەی کاریگەر لەسەر ژیانی سیاسی. ئەمانەش وەك گروپی گوشار (لۆبی)، یان ئەنجومەن و دامودەزگاو یەکیەتی و سانديکاو پارتی سیاسی و ...هتد لە ڕووی ئایدیۆلۆژیکیشەوە بوونی گروپی جۆربەجۆری دەسەڵات و گوشار، فاکتەری سەقامگیری سیاسی و هاوکێشەی چینایەتی و بەڕێوەبردنی سیاسەتن. سیاسەتێك کە لەسەر بنەمای یەکخستنی خواستە جۆربەجۆرەکان بەڕێوەدەچێت و پەیرەو دەکرێت.

پێش رۆبیرت دال، دیڤید ترومان لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی The Govermentale process ساڵی 1950 لێکۆڵینەوەیەکی شایستە دەربارەی ڕۆڵی ڕێکخراوو دامودەزگا جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژیانی سیاسی دەوڵەتانی مۆدێرن دەکات. و دەڵێت (چوارچێوەی گشتی چالاکییەکانی حکومەت بە درێژایی سەردەمێکی تایبەت نیشانەی کۆمەڵە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ئاوێتەبووی یەکترە کە بە گۆڕانکاریی لەدەسەڵات و پێگەی گروپە خاوەن بەرژەوەندییە سازدراوو سازنەدراوەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.).

لەم تیۆرییەی تروماندا دەوڵەت لەبەرانبەر ڕێکخراوو دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا سەربەخۆنییە. بەواتایەکی تر گۆڕەپانی ململانێ و کێشەو نفوزی ئەو گروپە جۆربەجۆرانەیە کە لە کۆمەڵگادا پەراکەندەن. کەواتە لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین: سیاسەتی دەوڵەت کۆبەرهەمی خواستی گروپە جۆربەجۆرو دژ بەیەکەکانە.

رۆبیرت دال و جیمز مادیسۆن، هەردوو لەو بڕوایەدان کە بوونی گروپی کۆمەڵایەتی جۆربەجۆری خاوەن کێشەو ململانێ لەگەڵ یەکتر، بناغەی دیموکراسییە. و دیموکراسیی بەدەستاودەستکردنی حکومەت لە نێوان چەندین گروپی کەمینەدا بەدیدێت و خواست و بیرو بۆچوونی گروپە دژ بەیەکەکان لەناو دامودەزگاگەلی دیموکراسیدا دەخرێنە ڕوو. و ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لەپەیدابوونی دەوڵەتی مەرکەزیی و دیکتاتۆریی.

جێگای گوتنە کە کێشەو ململانێی نێوان ئەو گروپانە وەك کێشەی ئەو چینانە نییە کە مارکس دەربارەیان دەدوێت. و لێرەدا هیچ کات گروپێك تەواوی دەسەڵات لەسەر حسابی گروپێکی تر ناگرێتە دەست..

یەکێك لەو چەمکانەی تر کە پەیوەندی بە بابەتی کۆمەڵگای مەدەنییەوە هەیە و هەندێك جار لە جیاتی یەکتریش بەکاردێن و لەهەندێك جێگای ئەم باسەشدا ئاماژەمان پێکردووە، هەمان گروپەکانی گوشار (لۆبی) یە.
گروپەکانی گوشار بەو گروپە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرانە دەگوترێت کە جیا لە پارتە سیاسییەکان، هەر گروپە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی ئەندامەکانی خۆی دروست بووە. و لە تەواوی شوێن و نێوەندەکانی وەك: کارگە، نێوەندە خزمەتگوزاری و بازرگانییەکان، بەشی ماڵ و دارایی، لەنێو ڕیزی پزیشك و مامۆستاو پیشەوەرو هونەرمەندانداـ.. خۆی ڕێکخستووەو بۆیەش بەمانە دەگوترێت گروپی گوشار، چونکە لە ڕێگای ئەو دامودەزگایانەوەی کاری تێدا دەکەن و لە ڕێگای ئەو نفوزو کاریگەرییانەی لەسەر دەزگاکانی خاوەن بڕیاری دەوڵەتی هەیانە، دەبنە هۆی دەرکردنی ئەو بڕیارانەی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا دەگونجێ..بۆ نموونە لە ئەمەریکا، ئەنجومەنی میللی پیشەوەران NAM یەك لەو گروپانەی گوشار بووە کە بەردەوام کاریگەریی لە بواری یاسادانانادا هەبووە. هەروا کۆمپانیاکانی بازرگانی و پیشەسازیی هەمیشە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر وەزارەتی بازرگانی هەبووە. بەجۆرێك کە ئەندامانی بەشێك لەکۆمیتەکانی ڕاوێژکاریی سەر بەو وەزارەتە، سەرۆك و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا گەورەکانی کەرتی تایبەتیشن و دەگوترێت کە هەندێك لەوەزیرەکانی بازرگانی ئەمەریکا کە پەیوەندییەکی نزیکیان بە کۆمپانیاکانی بازرگانییەوە هەبووە لەبەرانبەر ئەو کۆمپانیانەدا پتر هەستیان بە لێپرسینەوە کردووە تابەرانبەر سەرکۆمار.
بەڵام زیگر بەمجۆرە پێناسەی گروپەکانی گوشار دەکات: (خەڵکێکی ڕێکخراو بێ ئەوەی ئەندامەکانی خۆی لە پلەو پایە ڕەسمییەکانی دەوڵەت دابمەزرێنێ. لەهەوڵی نفوزدانان لەسەر بڕیارەکانی حکومەت دایە.) کەواتە ئامانجی ئەمانە بەدەستخستنی دەسەڵات و حکومەت نییە. بەڵکو ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت بەرەو ئامانجێك یان ئامانجگەلێکی خوازراوە.
لەمەوە پەیوەندییەکی قوڵ و هەندێك جار سنوورێکی یەکجار کاڵ لە نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و گروپەکانی گوشار دەبینینەوە. و بۆ ئەوەی بتوانین بەباشی لەکتریان جوێ کەینەوەو سنووری نێوانیان ببینین، بەبڕوای من پێویستە دوو جیاوازی ڕیشەیی لە نێوانیاندا دەستنیشان بکەین:
1- دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بریتیین لە دامودەزگەلی یاسایی چوارچێوەدار کە بە ئاشکرا کاروچالاکی دەنوێنن. ئەمە لەکاتێکدا مەرج نییە گروپەکانی گوشار لە چوارچێوەیەکی یاسایی تایبەت بەو گروپە کاربکەن. بەڵکو دەکرێ ئەندامانی یەك گروپ بەسەر چەندان دامودەزگای جۆربەجۆر و تەنانەت ڕەنگە دژ بە یەکیش دابەش بووبن. و کاری گروپەکانی گوشار زۆربەی جاران نادیارو لەپشتی پەردەوە ئەنجام دەدرێن.
2- دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئامانج و بەرنامەیەکی گشتییان هەیە. کە زۆربەی جاران سەرتاپای کۆمەڵگا دەگرێتەوە و بە بەرژەوەندی چەند کەس یان کەمینەیەکی ئایینی، نەژادیی، ئابووریی... سنووردارنابێت. لەکاتێکدا گروپەکانی گوشار هەمیشە دەربڕی خواست و ئامانجەکانی گروپێکی خاوەن بەرژەوەندی هابەشن. بۆ نموونە: لەم چەند ساڵانەی دواییەدا لەئەمەریکا بەردەوام حکومەت، بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی دیموکراتخوازەکان، لەهەوڵی دەرکردنی یاسایەکدابووە کە کڕین و فرۆشتنی ئازادانەی چەك لە بازاڕو هەڵگرتنی لەلایەن خەڵکییەوە قەدەغە یان سنوورداربکات. بەڵام لە ئەنجامی گوشاری بازرگانەکان و ئەو نێوەندە ئابووریی و سیاسییانەی بەرژەوەندییان لە وەها قەدەغەکردنێدا نییەو قازانجێکی زۆریان لەکڕین و فرۆشتنی چەکەوە پێدەگات. تا ئێستا نەتوانراوە یاسایەکی وادەربکرێت. ئەم نموونەیە باس لەگروپێکی بازرگانی بچوك دەکات کە

خواستی ئەم گروپە نەك هەر خواستی کۆمەڵگا نییە بەڵکو دژیشیەتی. کەواتە بابەت گروپی گوشارە نەك کۆمەڵگای مەدەنی.

لێرەدا دەکرێ بپرسین ئایا سانديكایەك وەك سانديكای كارگەران لەكوێدا جێ دەگرێت؟ بەبڕوای من وەڵامەکەی پەیوەستەی هەلومەرجی کات و شوێنە. واتا سانديكایەك دەتوانێ وەك گروپێکی گوشار، تەنیا لە پێناو خواستی ئەندامەکانی خۆیدا کاروچالاکی بنوێنێت . لە حاڵێکدا دەشتوانێ ببێتە بەشێکی چالاك لە کۆمەڵگای مەدەنی و داکۆکی لە پرۆسەیەکی گشتی وابکات کە سەرجەم کۆمەڵگا بگرێتەوە. تەنانەت دەکرێ لەمە بەولاوەتریش بڕوات و دروشمی گۆڕینی سیستەمی دەسەڵات و ڕوخاندنی ڕژێم بەرزکاتەوەو گەورەترین نموونەی ئەمەش پۆلۆنیای چەند دەهە پێشە. کە هێشتا هەواڵێك لە هەرەسی سیستەمی بەناو سۆسیالیزم نەبوو، سانديكای کارگەرانی ئەو وڵاتە بە ڕێبەرایەتی لیخ ڤالیسا بوونە گەورەترین فاکتەری لێکهەڵوەشانی سیستەم و سەرئەنجام ڤالیساش ڕێبەرایەتی دەوڵەتی گرتە دەست.

## رۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی

## لە بەدەستهێنانی ئازادییەکان

ئێمە کاتێك باس لە بابەتێکی گرنگی وەك کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین، ئەم پرسە خۆی وەپێش دەخات کە بابەتێکی وا چ سوودێکی بۆ کۆمەڵگایەکی وەك ئێمە هەیە..؟ و ئایا ئەم بابەتە تەنیا کۆمەڵێك زانیاریی ئەکادیمی بواری سیاسەت و کۆمەڵناسییە کە بەدەردی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریمان دەخوات، یاخود بۆ ئەمڕۆ داهاتوو، و بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە سیاسییە هەستیارەکان و بەمەبەستی هەڵبژاردنی چۆنییەتی مامەڵەی پێویست لەگەڵ ڕووداوو هەلومەرجەکان، خۆدەسەپێنن..؟

دیارە بەحوکمی ئەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی نییە، بەشێوەیەکی سروشتیی لایەنی کۆمەڵگا دەگرێت و دەسەڵاتێکی سنووورداری باشووری کوردستانی لێ دەرکەی، شتێکمان نییە کە وەك دەوڵەتی خودی سەرنجی هەڵسەنگاندنەکانی خۆمانی بخەینەسەر. کەواتە ئێمەی کورد وەك نەتەوە بەگشتی لە لای کۆمەڵگا جێگا دەگرین و ئەو لایەنانەش کە لەهەمبەریان ڕادەوەستین دەوڵەتەکانن...! بەڵام ئەم لەهەمبەر ڕاوەستانەی لێرەدا مەبەستمانە ڕاوەستانێکی هێمنانە، یاساییانەو دوور لەبەکارهێنانی هەرجۆرە توندو تیژییەکە. کە ئەویش مەرجێکی حاشاهەڵنەگر دەخوازێت ئەویش دیموکراسییە. کەواتە لێرەوە بەڕوونی دەردەکەوێت کە ئەمە بابەتێکە لەناخەوە سەرنجمان ڕادەکێشێت.

دوای ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لەم چەند ساڵانەی دواییەدا بەسەر جیهان و هەلومەرجە سیاسییە خودی و بابەتیەکانی کورد بەگشتیدا هاتن. هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردیان ناچارکرد بەخۆدابچنەوەو بەگوتارێکی سیاسی و دروشمگەلێکی نوێوە لەگۆڕەپانی سیاسەت و ململانێدا خۆ بسەپێنن. و دروشمی هەرەسەرەکیش هێنانەکایەو چەسپاندنی سیستەمێکی دیموکراسی لەهەریەك لەو وڵاتانەی کوردی وەك نەتەوەیەکی خاوەن خاك تێدا دەژی. یەکێك لە ڕێگاکانی خەباتی هێمنانەو یاساییانەی دوور لەتوندو تیژیش هەمان کۆمەڵگای مەدەنییە. کە بەبێ دیموکراسی وەك پێشمەرجێك باس لەکۆمەڵگای مەدەنی کارێکی بێهودەیە.

بۆ ئەوەی لەبۆچوونەکانماندا بەهەڵەدا نەچین، دەبێ بڵێین کە ڕواڵەتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ، لەکۆمەڵگا نادیموکراسییەکانیشدا دەکرێ کەم و زۆر هەبن: نێوەندە ئاینییەکان، سانديکاکانی کرێکاران، یەکیەتی ژنان و قوتابیان و نووسەران و هونەرمەندان، ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی...نموونەی ڕواڵەتی کۆمەڵگای مەدەنین. بۆیەش دەڵێین – ڕواڵەت – چونکە گشت ئەم دەزگایانەو نموونەکانی تری لەمجۆرە، لەبری ئەوەی لایەنی کۆمەڵگا بگرن، دەبنە دەزگاگەلێك کە تەنیا بەرژەوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگا، یان بەگشتی دەسەڵات و کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ملکەچکردنی کۆمەڵگا پەرەپێدەدەن و دەبنە ئەو گرووپە گوشارانەی لەپێناو پاراستنی دەوڵەت و دەسەڵات، کۆمەڵگا دەخەنە بەر گوشاری بێ ئەمان. کەواتە ئاستی پێشکەوتن و دواکەوتنی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕاستەو ڕاست پەیوەندی بە ئاستی پەرەسەندنی پرۆسەی دیموکراسی و چەمکەکانی تری وەك پلورالیزمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

ئەمرۆ پێناسەیەکی کۆمەڵگای مەدەنی کە زۆرتر ڕەواجی هەیەو سیاسەتمەداران و کۆمەڵناسان پتر لەسەری کۆکن ئەمەیە کە: کۆمەڵگای مەدەنی لەلایەکەوە ئەو پەرژینەی نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەتە کە پێش بە دەستدرێژی و پێشێلکارییەکانی دەوڵەت دەگرێت و لەلایەکی تریشەوە ئەو هەلە بۆ ئەو هاوڵاتیانەی لەناو دامودوزگا مەدەنییەکاندا خۆیان ڕێکخستووە دەڕەخسێنێ کە چارەنووسی سیاسی خۆیان بەدەستی خۆیان دیاریی بکەن.

لە ژێر سایەی سیستەمێکی دیموکراسیدا، دامودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، لەلایەن یاساوە پارێزراو دەبن و گەرچی ئەم دووانە، واتا دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی لە کێشەو ململانێدان، بەڵام ڕێکەوتنێکی ڕانەگەیەنراوی واش لە نێوانیاندا هەیە کە هەر لایەنە ڕێز لە قەڵەمڕەوی کارو چالاکی و ئەرك و مافەیاساییەکانی ئەوی تر بگرێت.

کۆمەڵگای مەدەنی یەکێك لەو فاکتەرانەیە کە سنووری دەسەڵات و بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە دیاری دەکات و ئەو ڕێگایە لەدەسەڵاتداران دەگرێت کە هەر کارێك دڵیان بخوازێ ئەنجامی بدەن. باروخ سپیونزا دەڵێت: (دەسەڵاتداران دەبێ ئەمە قبوڵ بکەن کە ناتوانن مێزێك ناچار بە شتخواردن بکەن.).

کۆمەڵگایەکی مەدەنی ئەگەر لەژێر سایەی دیموکراسییەکی تۆکمەدا ژیان بەسەر بەرێت، نەك هەر هەڕەشە لەسیستەمی دەسەڵات ناکات، بەڵکو مایەی سەقامگیرییشییەتی. کۆمەڵناسان یەکێك لەهۆکارەکانی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و هەرەسهێنانی سیستەمی بەناو سۆسیالیزم، بۆ نەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەگێڕنەوە. چونکە خرکردنەوەی خەڵکی لە ژێر دروشمی دیموکراسییەکی بێ کۆمەڵگای مەدەنی بە دیکتاتۆری و تۆتالیتاری کۆتایی پێدێت.

نووسەری چیك ژان تیسار دەڵێت: (کۆمەڵگای مەدەنی چاکترین تێزێکە بۆ بەپەرچدانەوەی هەڵفریواندنی بزووتنەوە جەوماوەرییەکان. واتا خەباتێکی درێژخایەن بۆ بەرقەرارکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، نەك شۆڕشێکی لە ناکاو لەسەرەوە بۆ خوارەوە، یان لەخوارەوە بۆ سەرەوە.. لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگای مەدەنی چاکترین و بەهێزترین ئامرازێکی دژی دیکتاتۆری و حکومەتە توتالیتارەکانە).

گەرچی بابەتی کۆمەڵگای مەدەنی بەچەمکە کۆن و مۆدێرنەکانییەوە، هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد شتێکی نوێ نییە. بەڵام بۆ کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات یەکجار نوێیەو لەم بارەیەوە ئێمە بێ ئەزموونین. ئەمەش وەك ئەنجامێکی نەبوون یان نوێبوونی ئەزموونی دیموکراسییە. هەڵبژاردنی خەباتی هێمنانەو ڕەتکردنەوەی

**توندو تیژی و سوودوەرگرتن لەو بوارانەی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی دەیهێننە ئاراوە کارێکی شایستەو لەگەڵ سەردەمدا گونجاوە. بەڵام زۆر ڕوون نییە داهاتووی ئەم شێوازی خەباتە چۆن دەبێت. چونکە پەیوەستەی گەلێك فاکتەری دەرەکی و ناوەکی ترە. بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەمەیە کە ئێمەی کورد لەم ڕووەوە هێشتا ڕێگایەکی دوورو درێژمان لە پێشە.**


سەرچاوەکان

1- دکتر حسین بشیریە. جامعەشناسی سیاسی. نقش نیروهایی اجتماعی در زندگی سیاسی. نشر نی. چاپ ششم تهران 1379

2- سون اریك لیدمان. تاریخ عقاید سیاسی. از افلاتون تا هابرماس. مترجم: سعید مقدم. نشر دانش . تهران-1379

3- دکتر محمد حسین فرجاد. اصول و مبانی جامعەشناسی. انتشارات اساطیر تهران- 1376

4- گریگور مك لنن. کثرت گرایی. ترجمه نسرین طباطبایی مرکز چاپ انتشارات و کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه. ایران. تهران- 1380

5- ژان ماری گنو. ایندەء ازادی. چالشهای جهانی شدن دیموکراسی. ترجمه عبدالحسین نیك گهر کتابخانه تخصصی وزارت امور خارجه تهران- 1380

6- عبدالرحمن عالم . بنیادهای علم سیاست. نشر نی تهران- 1376

7- حمید رضا رحمانی زاده دهکردی. مرور کوتاه بر دیدگاهای مختلف در مورد جامعه مدنی. فرهنگ توسعه شمارەهای 44-45-46 انتشارات تیر 1379

8- مسعود تهرانی. جامعه مدنی و جنبشهایی دمکراتیك در کشورهای رو به توسعه. فرهنگ توسعه. سەرچاوەی پێشوو


**- کۆتایی -**